# بژی فه رهاد پیرباڵ و هاوریکانی

فه رهادپیرباڵ یه کێکه له و کورده نیشتمان په روه رانه ی که به راستی خزمه تی گه ل وئه ده بی کوردیان کردووه.له و کاته ی که سه ده یا ماموستای زانکۆ به ره و هه نده ران وژیانێکی خۆش کۆچیان ده کرد.ئه م مرۆڤه خۆنه ویسته کوردپه روه ره پاریسی خوای شاره کانی جیهانی به جێهێشت وبه ره وهه ولێری بێ ئاوو کاره باو بێ ژیان به رێکه وت.له وکاته ی که زانکۆ ی سه لاحه دین به ره و فه وتان ده چوو ، فه رهاد خۆبه ختانه خوێندکارانی فێری شیعره کانی رامبۆ و بۆدلێر ده کرد. له و کاته ی که زووربه ی مه سووله کورده کان ژن ومنداڵیان به ره و ئه وروپا ده ناردوو شێتی پاسپۆرتی ئه وروپی بوو بوون .فه رهادی شۆرشگێر پاسپۆرته ئه وروپیه که ی دڕاندوو، به ره و لای شیرینی خۆشه ویستی که (کوردستانه ) گه ڕایه وه .به نیازی خزمه تکردن و پێشخستنی وولاته که ی گه ڕایه وه . لێ مه خابن(په تاته خۆره کان)ئه وه ی فه رهاد هێنابوویه وه به دڵیان نه بوو.ئه وان په تاته یان ده ویست و،ئه میش شیعره کانی رامبۆو بۆدلێر و فه لسه فه ی فه ره نسی بۆهێنابووینه وه.ئاخر له وولاتی(زه ردستان وسه وزستاندا) شیعره کانی رامبۆ شتێکی هیچه،فه لسه فه ی فه ره نسیش یاساخه . ئاخر ئه مانه ده یانه وێت وولاتێك دروست بکه ن ،دوور بێت له په یمانه کۆمه لایه تیکه ی رۆسۆ ، شاعیرێکی رامبۆ وبۆدلێر ئاسا، له م وولاته دا ترسێکی گه وره ی بۆ ئه وان هه یه .فه رهاد له گه ڵ خوێندکاره کانیدا ته نها ماموستا نه بوو ، بگره هاورێ و براده ریش بووه . ئه و شێوه ماموستایانه ش له لای ئه وان جێگای سووکایه تی بووه . ئاخر ده بێت وولاته که هه مووی به کولتوورێکی دیکتاتۆریانه په روه رده بکرێت . کولتووری ئازاد گه وره ترین تاوانه لای ئه وان .

ئه مرۆ پارتی و یه کێتی ته واو به ره و نابووت بوونی سیاسی ده ڕۆن. ڕۆژانه ده نگی ناره زایه تی له دژی گه نده ڵی و بێ ئابروویی مه سووله کانیان زیادتر ده بێت . ئه وان هه موو شتێکیان دۆڕاندووه . له به غدا ماڤی کوردیان دۆڕاند ، له کوردستانیش دۆڕاوون . ڕاپه ڕینه که ی که لار و ڕانیه ئیسپاتی کرد ، که ئه و دووانه به ره و رژێمێکی فاشستانه هه نگاو ده نێن . ئه وه ته نها هه ڵوێستی فاشسته کانه ،که به فیشه ك وه ڵامی داخوازیه ڕه واکانی گه ل بده یته وه . ئه وه نیشانه ی فاشستبوونی ڕژێمه، که ڕۆژانه خه ڵکانی رۆژنامه نووس و ماموستایانی زانکۆ و نووسه ره ئازاده کان له سه ر هه ڵوێسته کانیان بگیرێن و دادگایی بکرێن .

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جارێکی تریش بۆ فه رهاد پیربالْ و مامۆستا به ڕێزه کانی هاوڕێی، پشتگیری خۆمان دووپات ده که ینه وه و هیوای سه رکه وتنیان بۆ ده خوازین . به توونديش ئه و کاره نا دیمۆکراتیانه مه حکووم ده که ین .

بژی هه ڵگرانی بیری ئازاد و پێشکه وتنخواز .
بڕوخێت دوژمنانی بیری ئازادوپێشکه وتن .

ئه ڕده ڵان عه بدوڵڵا

ئه ڵمانیا

Ardellen1@ web .de

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com